گەپ- مانگانەیەکی کاریکاتێرییە
ساڵی هەشتەم ژمارە(١٣٠) ٢٦/١١/ ٢٠١١
بەکاتی شەڕە فیدڕاڵی
www‹gep-media‹com Email:gepgovar@yahoo‹com
سوبعەت تاسەر ئێسقان
130



دوو شتی جیاواز
کاریکاتێر:
سەرتیپ فەتاح ل٣٣

لە گشت کۆڵان و کوچە.. بۆتە سەردێڕی نۆبە
سولفەو فەرزو دەرماڵە.. فەرەبوی زیادەی موچە

فیدڕاڵییە فیدڕاڵی.. بە کولاوی و بە کاڵی
باوێ گەرمە لە جنوب.. عێراق لێی نابێ حاڵی

بەشار زۆر دەمی گەرمە.. کورسییەکەی شل و نەرمە
دەڵێ: نابدەم بە هیچ کەس.. میللەت هەمووی نۆکەرمە




کاریکاتێر: سەردار کیستەیی

# فیدراڵی .. یا شەق تێوەردانی ئیقلیمی؟

لەم پاشاگەردانییەی حکومەتە خوارخێچەکەی بەغدا پاش هەڵفڕانی سەدام هەر جارەو بەباریکدا سستمێکی شرەی حوکمڕانیی لە خەڵکی ڕوت و ڕەجاڵی عێراقدا وەکو مشک تاقی ئەکەنەوە، کەچی بۆ ناوی سوێند جاریک لێیان تێکنەچووە بارەکەی پێ ڕێکبێتەوە.

هەروەکو سستمە پەروەردە (سویدی، ئەڵمانی، بریتانی، ئەمریکی، فەرەنسی، چوزانم ئەفغانی و پاکستانیەکەی لەمەڕخۆمان) هەڵپەرکێی سێ پێی ئاسا ٣ هەنگاو بۆ پێشەوەو ٣ بۆ دوواوە هەڵئەخزێتەوە، ئەو فلیمە سیاسییانەی ئەیانهێننە بازاڕەوە یەک بلیتی لێ سەرف نابێ!

خۆ پیاو ناوێری بەسوتفەش نوکتەیەکی سیاسی - ئابوری - دەستوری - ئیداری بەدەم و لەوسیا شۆڕبێتەوە، دەستبەجێ جلفرە سیاسییەکانی عێراق دەیفڕێنن و دەیکەنە یاری و مەزاقی سیاسیی خۆیان و پاش جوین و هارین و داکرماندنێکی زۆر کاوێژی دەکەنەوەو سودی بۆ بزنە لەڕێکی لێ هەڵناکرێت! مەوزووعەکەش شەقامسز ئەکەن !

لەم کاتەی ئێران و تورکیا و سوریا و قاعیدەو وڵاتە عەرەبییەکان تەپڵی تۆپێنی سنورەکانمان دەکەن، مالیکی وەکو مناڵی ورکن کورسیەکەی لەبن دەستی ناوەو هەرچی لەگەڵ باس بکەی، هەر ئەڵێ: نا.. من نا.. نابیەم.. هی خۆمە!

ئێستاش کە باوی فیدراڵییە ئەگەر چیلکەیەکی تێوەژەنین، بۆ عێراقێکی هەر لە ئەساسەوە پێکەوە لکێنراو ئەگەر فیدراڵییەتی هەرێمەکان بێ، حەلێکی فول مواسەفاتە، هەم ئەو شەرە کوتەکەی نێوان زمان و کلتوور و مەزهەب و نەتەوەکان دائەمرکێتەوە، هەم هەر هەرێمێک بەبەرگی شان و شەوکەتی خۆی سیاسەت و کلتورو ئیدارەی خۆی ئەدورێ و هەمیش زێراب و کونە مشک و چاڵ و ژێرزەمینیش بۆ دیکتاتۆرێک ناهێڵێتەوە دووای ٣٠ ساڵ فلیقانەوەی میللەت تێدا وەکو جرج بگیرێ.

بەڵام ئەگەر مخسەدیان فیدراڵییەتی پارێزگاکان بێت، ئەوا شەڕەکە قایمترو جوتەو سم و ناڵ هاوێژتر ئەکات! لە عێراق بە یاسیای (ئۆخەی ئۆخەی.. هەرکەس بۆخۆی) سەگ ساحێبی خۆی ناناسێتەوە!

نوکتەکە لەوەدایە مالیکی نەعامە ئاسا سەری لە عەرز چەقاندووەو فریشکی لە هەردووکیان کەوتووەو خۆی لێ کردوون بە کەرەی شەربەت!

بۆیە ناچارم پرسیارێک بئاخنمە ناو لۆچی مەسەلەکەوەو بڵێم: ئەرێ مالیکی گیان..بوم وەساقەت.. وڵاتەکەت لەسایەی حوکمێکی عادیل و سێ هەرێمی فیدراڵدابێ، باشترە؟ یاخود وەکو ئەلعانێ ساڵ دووانزەی مانگ لەژێر شەق تێوەردانی ئیقلیمیدا توشی فتق بێ؟!



Mohamad qadir

محەمەد قادر

کاریکاتێر: سالم سەلیم



ما يُحكى



حسن العاني Hasan Al Any

بغداد

# عقدة الخوف !

كل انسان يعاني من عقدة خوف معينة ، لها سببها او اسبابها الخاصة اما انا فأعاني من ٣ عقد متجذرة في أعماقي ، ومع انني اعرف دوافعها . ولكنني اخشى طرحها على صديقي الجميل ، الدكتور قاسم حسين صالح ، استاذ علم نفس الشخصية ، لانه قد يكشف في هذا العدد الكبير من العقد ، حالة مرضية في شخصيتي تشكل خطرا على اسرتي او على المجتمع ، وبالتالي يدفعه ضميره المهني الى المطالبة بحجري في احدى المصحات النفسية على الرغم مما بيننا من ود وصداقة حميمة .

اول هذه العقد , هي خوفي من الكلاب السائبة بعد ان تعرضت الى عضتها في طفولتي مرتين . ومع إنني لزمت البيت منذ سبع سنوات ، ولم اعد ارى كلابا ولا ادري ان كانت قد تكاثرت في الشوارع ام تم القضاء عليها في اثناء هذه السنوات ولكنني لم اتحرر من خوفي .

اما عقدتي الثانية فهي المصاعد الكهربائية فهي تثير هلعي الشديد في صعودها السريع الى القمة ونزولها الاسرع نحو القاع , وقد زاد خوفي حين تعطل مصعد جريدة الجمهورية ذات يوم وانا وحدي في داخله ، وتهيأ لي انني سأموت واقفا داخل تابوت حديدي بين اربعة جدران ، وهذه الميتة لا تليق الا بالإبطال وانا لست (بطلا من هذا الزمان) ولا من ذلك الزمان ولا من أي زمن، فقد تجنبت استعمالها نهائيا وعمدت الى السلالم ارتقيها درجة درجة للوصول الى الطبقة الثانية او الثالثة او الرابعة او ...

على مافي ذلك من متاعب اما عقدتي الثالثة ، فهي الخوف من أي مسؤول حتى لو كان شرطيا , ولعل سبب خوفي يعود الى عشرين سنة مضت . فقد قامت بيني وبين مسؤول (كبير جدا) في الحزب والدولة علاقة طيبة عبر عملي الصحفي سرعان ما تحولت الى صداقة وطيدة الى الحد الذي الزمني بزيارته مساء الاثنين الاول من كل شهر حيث نتناول العشاء معا في منزله ونسهر الى وقت متاخر من الليل . ويتولى سائقه الخاص مهمة ايصالي الى بيتي وحين صدر أمر صدام حسين بمنعي عن الكتابة عام ١٩٩٩ وبينما كنت أتهيأ في اليوم المحدد لزيارته ، فوجئت بوصول سائقه وهو يحمل رسالة شفوية من سيده مفادها (الاستاذ يعتذر عن استقبالك من الان فصاعدا) ومن لحظتها بدأت عقدتي ، ومع انني قطعت علاقتي بأي مسؤول منذ ذلك الحادث ، ومع ان المسؤولين الذين أعقبوا سقوط الدكتاتورية لزموا المنطقة الخضراء فيما لزمت داري كما اشرت ، ولكنني لم اتحرر من هذه العقدة وما زال اسم المسؤول حتى لو كان من اقرب اصدقائي الصحفيين ، يثير مخاوفي وأتجنب لقاءه او الاتصال به .

الحقيقة لم اتعرض الى عقد جديدة بعد ٢٠٠٣ برغم ما شهده العراق من متاعب الارهابيين وجرائم القاعدة ، باستثناء عقدة خوف واحدة من الديمقراطية ، فهي تثير فزعي الى حد الرعب ، واشعر انها اشبه بالفخ او الكمين من دون أي سبب واضح وقد دفعني الخوف الرهيب منها الى توجيه رسالة تهنئة الى اصدقائي في تونس , أبارك لهم فيها ثورتهم الرائعة ، وخلاصهم من الدكتاتورية واحذرهم في الوقت نفسه من الديمقراطية !

GEP
Karikatur Magazeen
No:130 26th November 2011
www.gep-media.com
Executive Editor : Muhammad Qadir
sardamm2003@yahoo.com

## باقی وەسەلام

# دیسان زستان هاتەوە



ڕێبوار ئدریس
rebwaridris@yahoo.com

ئەوا بەخێر فەسڵی پاڵتۆو دەسکێش و تەزین و هەڵامەت هاتەوەو ئاگری هاوین کوژایەوەو پشوی زۆپا بڕایەوە .. دیسانەوە :

* خەمی بەرمیلی بەتاڵ و هەڵگرتنی نازی بایعی نەوت، کەی دێ و کەی بچینی تووش کردینەوە .

* مواسەفاتی هەمە نەوعی نەوتی عادی و موحەسەن و ئێکسپایەر و نەوتی ساحەو نەوتی بایعی و نەوتی بێجی و نەوتی کازاخستان، نەوتی خۆمان و نەوتی ئەوان، بۆوە بە بنێشتە خۆشەی سەرزاری فتیلە گۆڕینی غازکردنی زۆپاکانمان .

* دیسانەوە پڕ کردن و گرتنی جادەو کۆڵانان بە بەرمیلی بەتاڵ و هات و نەهاتی مۆبایلی کاکی بایع مەنزەرەی شار و ئیحساسی دڵمان پڕ جۆشتر دەکاتەوە .

* دیسانەوە .. بەحوکمی مەنهۆڵە گیراوە بەرنەدراوەکانی پارو تازەگیراوەکانی ئەم ساڵ، شار دەبێتە حەوز و سەیارەش بە مراوی .

* کارەباش لە ترسی تەڕبوون و لەتاو ترسی هیتەری ملیۆنی، ئەگەر کەمیش نەکات ئەوا شۆرت کردنی مسۆگەرە.

* دیسانەوە .. زۆپا هێنان و بردن بۆ پۆل لەگەڵ مامۆستاو دەستوپێ تەزینی تەلەبە بە نیزامی سویدی هاتەوە !

* ئاخۆ ئەم ساڵیش چەند خانووی تری چەند پلە لە ژێر ئاستی دەریاوە بکەونە ناو تسۆنامی ئاوەڕۆ گیراوەکانی شارەوانییەوە ..

* دیسانەوە .. قوڕو چڵپاوو چەقینی ناو پرۆژە نیوەچڵەکان قاچمان ئەگرێت و سەیارەمان ئەچەقێنێت، دوور لە رووی ئێوە لەوانەیە چەند پرۆژەیەکیش هەر بە بۆنەی هاتنی زستانەوە دەست پێبکەن، هەتا دنیا بزانێت لەلای ئێمە هەرچوار فەسڵ ئاوەدانی بەردەوامە ...




بێ توانج

کاریکاتێر

فضیر المميري